بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، لە هەولێری پایتەخت، ناوبەناو دەردەچێت

# ڕۆشنبیر

ژمارە (٥) — هاوینی ٢٠١٢

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: عومەر عەلی

## (فرەوشی) هێمای ئایینی زەردەشتی

نیگاری فرەوشی هێمای ئایینی زەردەشتە، نیگارەکە پیرەمێردێکی بەساڵاچووە، کە تەمەن و ئەزموونی ژین فێری دانایی و حیکمەتی کردووەو بەرەو پێگەیشتوویی و کەماڵی بردووە. هەردوو دەستە بەرزکراوەکانی بۆ سەرەوە، ئاماژەن بە نزا و پاڕانەوە لەبەر قاچی خودادا و دەیەوێت پێمان بڵێت، کە تەنها یەك ئاراستە هەیە بۆ ئەوەی هەڵێ بژێرین، ئەویش ئاسمانە. ئەو بازنە بچوکەی کە بە یەکێك لە دەستەکانییەوە هەڵیگرتووە، هێمایە بۆ پەیمان، واتا مرۆڤی زەردەشتی، کە پەیمانی دا، ئیدی نایشکێنێ. ئەڵقەگۆڕینەوەی کوڕ و کچ لەکاتی هاوسەریدا لەم بیرۆکەیەوە هاتووە. باڵە کراوەکان، ئاماژەن بۆ بەرزبوونەوە بۆ



سەرەوەچوونی ڕەوان، سێ بەشەکەی هەر باڵێك ئاماژەن بۆ (بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك). بازنە گەورەکەی ناوەڕاستی نیگارەکە، ئاماژەیە بۆ نەمریی گەردوون و نەمریی ڕەوان، وەك بازنە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی. ئەو پەڕانەی کە لەشێوەی کلکدا کەوتوونەتە خوارەوەی نیگارەکە، ئەویش سێ بەشە و ئاماژەن بۆ (بیری خراپ، وتەی خراپ، کرداری خراپ)، کە ئەمانە مرۆڤە بەرەو خوارەوەو بۆ شکستی دەبەن. ئەو دوو پەتەی لە ناوەڕاستەوە بەمدیو و ئەودیوی کلکەکەدا هاتوونەتە خوارەوە، ئاماژەن بە (سپێنتاماینۆ) واتا ڕەوانی چاك و (ئانگرە ماینۆ) واتا ڕەوانی خراپ، کە لە ناخی مرۆڤدا لە ململانێدان.

## ئەو کەسانەی کە خوێندنی زانکۆیان نەبووە



ئێرنست هێمنگوای ڕۆماننووسی ئەمریکی



ئەبراهام لینکۆڵن سەرکۆماری ئەمریکی

## وێڵسن و شێخ مەحمودی نەمر

ئەوکاتەی (وێڵسن) جێگری (پێرسی کۆکس) فەرمانڕەوای کۆلۆنیالی بەریتانیا لە عێراق، (مێجەر نۆئێل) دەکاتە ڕاوێژکاری (شێخ مەحمودی نەمر) لە سلێمانی، وێڵسن بەشێخ مەحمود دەڵێت: پێویستە بەگوێرەی ڕێنوێنی مێجەر نۆئێل کاروباری حومکڕانی خۆت ئەنجام بدەی... شێخ مەحمودیش بە تەوسەوە دەڵێت: مەبەستت ئەوەیە، ئەو هەرچییەکی وت، من وا بکەم؟ وێڵسنیش لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵێ، زۆر ڕاستە، مێجەر نۆئێل چی گوت، ئەوە دەکەیت. شێخ مەحمودیش وەڵامی دەداتەوە: دەی کەواتا، با مێجەر نۆئێل ببێتە فەرمانڕەواو منیش دەبمە ڕاوێژکاری!

**سەرچاوەی ئەم بابەتە:**

کوردو خزمەتی ئیسلام لە کتێبی کورد و وڵاتەکەیان، کەپتان شێخ وەحید، وەرگێڕانی: کەریم حسێن سورێنی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل٤٣-٤٤.



شێخ مەحمودی نەمر

## پاشماوەی زبڵ

**ئامادەکردنی: عومەر عەلی**

هەر لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتیدا، پاشماوەیش پەیدا بووە، بەڵام نەك بەو جۆرەی کە ئێستا دەبینرێ. خوێنەرانی بەڕێز هەندێ خەڵك پێیانوایە، کە ئەگەر تاکێ شووشەی بیبسی فڕێ بدات، هیچ کار لە ژینگە ناکات، بەڵام هەرکەسەو لای خۆیەوە یەك شووشەی بیبسی فڕی بدات، ئەوا دەکاتە چەند؟ ئەی بە پێچەوانەوە، ئەگەر تاکێ



یەك شووشەی بیبسی هەلگرێت، چەند دەکات؟ کامەیان باشترە؟ بێگومان ئەوەی کە هەریەك لە ئێمە لای خۆمانەوە هەوڵ بدەین، کەمترین پاشماوەو پیسیمان لێ بەجێ بمێنێ، لەم بارەیەوە (غاندی) وتویەتی: ئەگەر هەر کەسێك لە هیند، بەر دەرگای ماڵەکەی خۆی پاك بکاتەوە، ئەوا لە ماوەی ساڵێکدا، هیند دەبێتە پاکترین وڵاتی جیهان.پاشماوە زیانێکی زۆر بە ژینگە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی و بڵاوبوونەوەی پیسی، هیچ وڵاتێك ناتوانێت پاشماوە بنەبڕ بکات، بەڵام دەتوانێت کەمی بکاتەوە. بەهۆی فڕێدانی شتێك بۆ سەر زەوی، پشتی کەسێکی تر دەچەمێنیتەوە، بۆیە شت فڕی مەدە سەر زەوی، با ژینگەکەمان پیس نەبێت.



## دیاریکردنی ڕەنگی چاوی ئەو پیاوەی کە ٤٠٠٣ ساڵ پێش ئێستا مردووە



بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان، کە ئەنجام دراون، لەسەر مووەکانی تەرمی ئەو پیاوە دیارە، کە (٤٠٠٣) ساڵ پێش ئێستا مردووە، هەروەها ڕەنگی چاوی قاوەییە، دوای لێکۆڵینەوەی وردتر دەرکەوتووە، کە ئەو پیاوەنیشتەجێی جەمسەرەکانە لە دانیمارك، هەروەها گروپی خوێنی A+.

## سەوزەو گرنگییەکانی



**ئامادەکردنی:**
**ئەحمەد سەرکەوت**

سەوزەو میوە گرنگی خۆیان هەیە. سپێناغ، کە یەکێکە لە سەوزە گرنگەکان، پڕە لە (پێتاکارۆتین) و (ئانتین ئۆکسیدان)، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرگری جەستە بەرامبەر نەخۆشی دڵ.

# نازناوی گیانلەبەران

**ئا: عومەر عەلی**

چۆن مرۆ نازناوی خۆی هەیە، بەهەمان شێوەش گیانلەبەران نازناوی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەوانەش:

١. ئاسك: ئازادی و بێگوناهی.
٢. ئەسپ: ئازایی و هۆشیاری و نەجیبی.
٣. باز: فەرمانڕەوایی.
٤. بەرخ: بێگوناهی.
٥. بولبول: دەنگخۆشی.
٦. پەپوولە: دڵداری.
٧. پڵنگ: خۆبەزلزان.
٨. پشیلە: سەفلەو بێوەفا.
٩. پەپووسلێمانە: موژدەو هەواڵ.
١٠. تووتی: لاساییکەرەوە.
١١. تاوس: جوانی.
١٢. چەقەڵ: ئیرەیی (حەسوودی)
١٣. حوشتر: سەرسەختی.
١٤. داڵ: خۆپەرستی.



١٥. ڕێوی: فێڵباز.
١٦. گوێدرێژ: گێل.
١٧. کەروێشك: بێخەبەری.
١٨. کەڵەشێر: ئاوات.
١٩. کەو: لەنجەولار.
٢٠. کۆتر: ئاشتی.
٢١. کیسەڵ: لەسەرخۆیی.
٢٢. گورگ: دڕندەو زۆرداری.
٢٣. لەقلەق: شادی.
٢٤. مێروولە: قەناعەت.
٢٥. مەیمون: دز.
٢٦. سەگ: ئەمەکداری.
٢٧. شێر: ئازایی.
٢٨. کوندەپەپۆ: نەگبەتی.
٢٩. قەلەڕەش: هاتوهاوار.
٣٠. عەلەشیش: بێباری.
٣١. ورچ: گێل و زۆرخۆر.
٣٢. هەڵۆ: لوتبەرز.

# سەربوردی مەلا و کاکەی شوان

مامۆستا (جەمال نەبەز) لە کتێبی (وەرگێران هونەرە)، ئەم نوکتەیە دەگێڕێتەوە: مەلایەك بەلا شوانێکدا تێ دەپەڕێت، گوێی لێیە، شوانەکە شمشاڵێکی جوان و بە ئاواز لێدەدا، مەلا پێیدەڵێت: "یا راعی، ئەو صەوتە حەزینە، کە لەو قەصەبە مجەوفە گەویلە، ژێ الیەقوب الکیبیرەوە، خروج ئەکا، بە تەحریکی ئەصابعە عەجەبا، یان تەئپیری نەفخی موستمرە؟"، کابرای شوانەش نەختێ دائەمێنێ و دوایی دەڵێت: "بیم وە ساقەت وە خوا من لە زەمان وەسمانلیا ئەسکەریم نەکردووە، لەبەرئەوە لە تورکی حاڵی ناوم". بەڵێ، مەلاکەش و شوانەکەش هەردووکیان چەند وشەیەکی عەرەبییان خستە قسەکیانەوە، ئەوە هەیە وشەکانی شوانەکە لەوانەن، کە هەموو کەسێك تێیاندەگا، بەڵام ئەوانەی مەلاکە تەنێ عەرەبیزان سەریان لێدەر دەکا. کەواتا ئێمەی کورد، دەتوانین لەکاتی قسەکردندا هەندێ وشەی عارەبی، یاخود هەندێ وشەی زمانانی بێگانە، بەکاربێنین، بەڵام بەو مەرجەی نەبێتە مایەی شێواندنی جوانی زمانە شیرینەکەمان و هاوکات کەسانی دەوروبەرمانیش لێی تێبگەن.

★ بایۆگرافی: مامۆستا جەمال نەبەز، خەڵکی سلێمانییە، لەسەرەتای پەنجاکان (دار المعلمین العالیە)ی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، ماوەیەك لە کەرکوك مامۆستا بووە، دواجار چووەتە دەرەوەی وڵات و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری کوردناسیدا وەرگرتووە، توێژەرو لێکۆڵەرو وەرگێڕێکی زۆر چالاك و کارایە. هەمیشە بانگهێشتەی بۆ یەکگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوێزەیە، لە بوارە جیاجیاکانی زانست و وێژەدا.

# وتەی ناوداران لەبارەی بیرکردنەوە


دیکارت

یەکەم: بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك. (زەردەشت)

دووەم: من بیر دەکەمەوە، کەواتا من هەم. (دیکارت)

سێیەم: هزرو بیر جەوهەری بلیمەتە. (ژان پۆل سارتەر)

چوارەم: ئەگەر مێشك وەکو زکی برسی قۆرە قۆڕی بکردایە، ئێستا زۆر ژیربووین. (محەمەد حیجازی)

پێنجەم: مێشك بۆ ئەوەیە، کە بەکاری بێنی، نەك بیکەیتە جوملەوە.

شەشەم: بۆ ئەوە دروست نەکراوی، کە هەموو ڕۆژێ بخۆی، جوانتر لەبەر بکەی، بەڵکو بۆ بیرکردنەوە دروستکراوی. (سەعید نەفیسی)


سارتەر

# بۆچی هەور شێوەی کوارگ دەبینێ؟

**ئامادەکردنی: عومەر عەلی**

زۆرجار هەور شێوەیەکی دیاری نییە، بەڵام جارجار لەشێوەی کوارگ دەچێ، ئەمە زۆرجار لە ئەنجامی تەقینی گرکان، پێکدادانێکی بەهێز، تەقینەوەی ناوەکی... هتد، ڕوو دەدا، ئەم ووداوە دەبێتە هۆی دروستبوونی گازی گەرم بە چڕییەکی کەم لە نزیك ڕووی زەوی، بەڵام ئەم گازانە ئۆقرە ناگرن و بەرز دەبنەوە، ستونی لێڵ دروست دەکەن و بەردەوام دەبن لەبەرزبوونەوە تاکو چڕی هەورەکە زیاد دەبێ لە چڕی هەواکەی



دەوروبەر. یەکەم جار ناوی (کوارگ شێو) لەم هەورانە نرا، لە ساڵی (١٩٣٧ز)دا بوو، کاتێ هێرش کرایە سەر شاری (شانگەهای) لە چین، لە لایەن ژاپۆنەوە، ئەم هەورە دروست بوو.

★ قۆناغەکانی دروستبوونی ئەم هەورە:

١. بیست چرکەی یەکەم دوای تەقینەوەکە، کە پلەی گەرمی (٣٥٠٠ — ٤١٠٠) دروست دەبێ.

٢.دە چرکە تا دە خولەك دوای قۆناغی یەکەم گازە گەرمەکان بەرز دەبنەوە.

٣.چەند ڕۆژێ دەخایەنێ تاکو پەرشوبڵاو دەبێتەوە.

# تۆماس ئەدیسۆن

ئامادەکردنی: عومەر عەلی

**بەشی یەکەم**

ئەدیسۆن لە شاری (میلان ئۆهایۆ)ی ئەمریکا لەدایکبووە. دایکی پێیوابوو، کە منداڵەکەی لەماڵەوە باشتر شت فێر دەبێت و هەر لەبەر ئەو هۆیەش لە ماڵەوە خەریکی خوێندن بوو. ئەدیسۆن لەژێر زەمینی ماڵی خۆیان تاقیگەیەکی بچوکی هەبوو. هەر شتێکی لە تاقیگەکەی پێویستی بکردایە لەڕێی فرۆشتنی زەوی دێبەرەکەیان دەیکڕی. ئەدیسۆن لە ساڵی (١٨٧٩ز) هەوڵیدا چرایەك دروست بكات، بەڵام پێویستی بە سێ شت بوو:

یەکەم: توانای ئەوەی هەبووایە، کە مادەیەکی وەهابێ سوور بکاتەوە، کە بدرەوشێتەوە (ئەلکتریسیتە).

دووەم: ئەو تەلە سوورە بووە، نەدەبوو هەوای بەرکەوێ.



سێیەم: دەبووایە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ داگیرسێت و نەسووتێ. ئەدیسۆن ئەو گرفتەی بە شووشەیەکی خڕ چارەکرد، ئامێرێکیشی بۆ بەتاڵکردنی هەوای ناو شووشەکە دروست کرد، ئەو شووشەیە بووە شووشەیەکی (بێ هەوا)، واتا: هەوای تێدا نییە. شووشەکە ئامادەیە، بەڵام ئەو وایەرەی پێویستی بوو نەسووتێ، بە هەزاران وایەری تاقی کردەوە، بەڵام بۆی نەگونجا. بۆی دەرکەوت، کە ئەو وایەرانەی کە لە کاربۆن دروست کراون باشترن. ئەدیسۆن دەستی کرد بە دروستکردنی وایەری کاربۆنی بە خەڵوزو چێو، بەڵام هەر سەرنەکەوت. دوای ماوەیەکی دورودرێژ کەڵکی لە داری حەیزەران وەرگرت.

لە (٢١ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٩) بۆ یەکەمجار چرایەکی کزو جوانی داهێنا، ئەدیسۆن و هاوکارەکانی لەو تاقیکردنەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. زۆرینەی وا دەزانن ئەدیسۆن تەنها گڵۆپی داهێناوە، بەڵام ئەم بەهرەمەندە (گڵۆپ، وێنەی جوڵاو، مایکرۆفۆن، فۆتۆگراف و... هتد)ی داهێناوە. ئەم زانا بەناوبانگە دوای چەندان ساڵ لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بەهۆی تەزووی کارەباوە کۆتایی بە ژیانی هات.

# مێشکی مرۆڤ




ئامادەکردنی: عومەر عەلی

**بەشی دووەم**

هەروەك لە ژمارە (٤)ی بڵاوکراوەکەماندا (ڕۆشنبیر) باسی هەندێ لە سوودەکانی لای ڕاستی مێشکی مرۆڤمان کرد، وا لە ژمارە (٥)یشدا، درێژەی ئەو باسە تەواو دەکەین، بەو هیوایەی خوێنەرانی خۆشەویستمان، سوودێکی زانستی باشیان لێوەرگرتبێت و بابەتەکە جێگەی ڕەزامەندیان بێت.

★ لای ڕاستی مێشك:

دۆزینەوەی ئاراستەو ئاسۆکان، هونەرو نیگارکێشی، سەنتەری سۆزو خۆشەویستی، تێگەیشتنی بابەت و داهێنان.

★ ئەو شتانەی بەربەستن لە گەشەی لای ڕاستی مێشك:

من دەبێ جیدی بم، نابێ هەڵە بکەم، گەر دەر ئەنجامی کارێ نەزانم ئەنجامی نادەم.

★ ئەو شتانەی یارمەتی گەشەی لای ڕاستی مێشك دەدەن:

بە تەواوی بیر لە شت بکەوە، گرنگی بەدەنگ و بۆن بدە، ڕۆمان بخوێنەوەو وێنەی خەیاڵی دروست بکە، یاری فیکری بکە، بیر لە دواڕۆژی خۆت بکەرەوە.

**سەرچاوە:** www.aftab.irwww.articles.ir - www.pezeshki.net -

# قەڵەمەکەت مەشکێنە



قەڵەمەکەت مەشکێنە.

قەڵەمەکەت بشکێنی = ناتوانی بنووسی.

ئەگەر نەتوانی بنووسی = ناتوانی بخوێنی.

ئەگەر نەتوانی بخوێنی = ناتوانی بڕوانامە بەدەست بێنی.

ئەگەر بڕوانامە بەدەست نەهێنی = بێ ئیش دەبی.

ئەگەر بێ ئیش بی = بێ پارە دەبی.

ئەگەر بێ پارە بی = ناتوانی هاوسەرگیری بکەی.

ئەگەر هاوسەرگیریت نەکرد = بە تەنها دەبی.

ئەگەر بە تەنها بی = لاواز دەبی.

ئەگەر لاواز بی = نەخۆش دەکەوی.

ئەگەر نەخۆش بکەوی = دەمری.

بۆیە قەڵەمەکەت مەشکێنە.

# ڕێوی، فێڵبازێکی کێوی

ئا: عومەر عەلی

ڕێوی یەکێکە لە گیاندارە ناسراوەکانی دنیا، کە لە کوردستان لە ناوچەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان و... هتد)، ڕێوی هەیە. چەندین جۆری هەیە، لەوانەش: ڕێوی ئاسایی، ڕێوی خاکی، ڕێوی ڕەش، ڕێوی جەمسەری، ڕێوی کیت، ڕێوی کۆلیو، ڕێوی تورکەمەن، ڕێوی خێرا، ڕێوی بۆر، ڕێوی فێنك، ڕێوی گوێچکە شەمشەمەکوێرە، ڕێوی قرژاڵخۆر... هەریەك لەم جۆرانە خاوەنی ژینگەی خۆیانن، لەسەرتاسەری جیهان بڵاوبوونەتەوە. هەرێمی کوردستانیش وەکو ناچەوکانی دیکەی جیهان خاوەنی ژینگەیەکە، کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵانی تێدا پارێزراون و ڕێویش یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە لە کوردستان دەژین. ڕێوی زۆر بەناوبانگەو لە بنەماڵەی (سەگەکان)ەو گۆشتخۆرێکی بچووکە، کلکێکی توکنی هەیە، درێژی کلکی (٤٠ — ٦٠سم)و (٤٢) ددانی هەیە، بۆ ماوەی



(١٢) ساڵ دەژی، ڕێوی ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە. بە جوڵاندنەوەی کلکی، پەیام بۆ هاوڕێکانی دەنێرێ، لەژێر کلکی، ڕژێن هەیە، کە بۆنێکی ناخۆشی هەیە، دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی گیانلەبەرانی تر. ڕێوی دژمنی زۆرە، وەك: (هەڵۆ، کوندەپەپو، گورگ، پشیلەی کێوی، ورچ و... هتد)، ئەو ئاژەڵە لەبەر ئەوەی کلکی درێژو پێستی نەرم و توکنە، بۆیە لەلایەن ڕاوچییەکانەوە سوودی لێوەردەگیرێ، ڕاوکردنی ڕێوی لە بەریتانیا زۆرە. زۆربەی ڕێوییەکان بەتەنیا دەژین و ڕاودەکەن، ڕێوی بە ئاسانی بە تەڵەوە نابێ. هەندێ جار، کە بە تەڵەوە دەبێ، پێی خۆی دەقرتێنی و خۆی ڕزگار دەکات. لە کوردستان بەزۆری ڕێوی ئاسایی و سوور بەدی دەکرێت. ڕێوی سوور درێژی جەستەی بەسەرییەوە (٦٠ — ٨٠سم)ەو درێژی کلکی (٤٥ — ٥٠سم) دەبێت.

★ سیستمی خۆراکی ڕێوی: ڕێوی سوور: باڵندە، کەروێشك، بۆق، ماسی، قرژاڵ، لولپێچ، دەخوات.

★ ژینگەو بڵاوبوونەوەیان: ڕێوی لە کێڵگەو دارستان دەژی، بەڵام دارستان زۆر گونجاوە بۆ ژیانی ڕێوی.

★ زاوزێکردنی ڕێوی: وەرزی جوتبوونی لە ناوەڕاستی زستانە، هەتا سەرەتای وەرزی بەهار دەخایەنێ، زگپڕی ڕێوی نێوان (٥١ — ٦٣) ڕۆژە، ژمارەی بەچکەکانی (٣ — ٨) دانە دەبێت.

Kaweni `ymtyaz u Sernûser; `Umer `Elî

# ŘOŞINBÎR

Bilawkiraweyeki Roşinbiri Giştî Serbexoye, Le Hewlêr Paytexit, Nawbenaw Derdeçet

## نەخشەی کوردستانی سەربەخۆی

**(چوار پارچەی کوردستان)**

وەك هەموو لایەك دەزانین، خاكی كوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێدا دابەشكراوە، كە ئەوانیش بریتین لە هەریەك لە دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی ئێران و عێراق و سوریا و دەوڵەتی تورك، كە ئەمانە بە درێژایی مێژووی دەسەلاتداریيان و بگرە تا ئێستاش هەمیشە لە هەوڵی چەوساندنەوەی گەلی كورد و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی كورددا بوونە، بەڵام ڕۆڵەكانی ئەم كوردستانە بە گیان و بە خوێن خۆیان بەرگرییان لە نیشتمانەكەی خۆیان كردووە و نەیانهێشتووە داگیركەران مەرامی گڵاوی خۆیان بهێننە دی. ئەمەی لای خوارەوەش نەخشەی هەرچوارپارچەكەی كوردستانە و بەهیوایەین ڕۆژێك دابێ، كە ئێمەی كوردیش ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.




## زۆرترین موچەی یاریزانان

كریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پرتوگالی) یاریزانی یانەی شاهانە، زۆرترین موچە وەردەگرێ، كەچی (لیۆنێل میسی باشترین یاریزانی جیهانە. ئەم هەواڵەش بەپێی ئامارێكە، ڕۆژنامە بەلجیكییەكان بڵاویان كردووەتەوە، كە بەمشێوەیە:

- كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ – ڕیال مەدرید – ١٢ ملین یۆرۆ
- واین ڕۆن – مانچستەر یۆنایتید – ١١،٥ ملیۆن یۆرۆ
- لیۆنێل میسی – بەرشەلۆنە – ١١ ملیۆن یۆرۆ
- یایاتۆری – مانچستەر سیتی – ١٠،٨ میلۆن یۆرۆ
- ساموێل ئیتۆ – ئینتەرمیلان – ١٠،٥ میلۆن یۆرۆ
- شڤانشتایگەر – بایرموینخ – ٩،٧ میلۆن یۆرۆ
- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ – ئەكاسی میلان – ٩ میلۆن یۆرۆ
- ڕیكاردۆ كاكا – ڕیال مەدرید – ٩ میلۆن یۆرۆ
- جۆن تێری – چێلسی – ٩ میلۆن یۆرۆ
- ئیمانوێل ئەدیبایۆر – مانچستەرسیتی – ٨،٤ میلۆن یۆرۆ



## گوڵی وەنەوشە

**هۆنراوەی: لەتیف هەڵمەت**

بمناسە من گوڵە وەنەوشەم
گوڵی دەشت و ناو حەوشەم
ڕەگم سەرنج ڕاكێشە
لابەری خەم و ئێشە
گوڵێكی نازدار و جوان
خۆشمیان دەوێ شاعیران
زوو زوو ناوم دەبەن
بمبینن بۆنم دەكەن
ئەی منداڵانی هاوڕێم
بە ئێوەی دڵسۆز دەڵێم
نە باڵای من بشكێنن
نە گوڵی تر بوەرێنن
گوڵ بۆنخۆش و میهرەبانە
جوانی دەدات بەم جیهانە
ڕق و كینە لا دەبات
دڵمان ئاسوودە دەكات

## پرسیار و وەڵام

**ئا: موئمین ڕەشاد**



١. مێشكی مرۆڤ ڕۆژانە چەند زانیاری تۆمار دەكا؟ ٨٦ ملیۆن
٢. قەبارەی سی ئافرەت؟ ٤،٢ سم٣
٣. قەبارەی سی پیاوان؟ ٣،٢سم٣
٤. ئافرەت ڕۆژی چەند پەرداخ ئاوی پێویستە؟ ٩ پەرداخ
٥. پیاو ڕۆژی چەند پەرداخ ئاوی پێویستە؟ ١٢ پەرداخ
٦. مرۆڤ ڕۆژی چەند جار هەناسە دەدات؟ ٢٥ هەزارجار
٧. دڵی مرۆڤی ئاسایی، ساڵی چەند جار لێ دەدات؟ ٤٠ ملیۆن جار
٨. ژمارەی ماسولكەكانی سەری مرۆڤ چەندە؟ ٧٧ ماسولكە.